# پەیکەرێک بۆ خوێنەر...؟!



پەیکەری بیرمەند کە (ئاوگست رۆدین) لەساڵی 1882/1881 لەبرۆنزدایتاشیوە.

**کامەران ئیسحاق پەری . نوسینگەی ئەوروپای (لڤین) سوید**

(ئاوگست رۆدین)ی گەورە پەیکەرتاش و تابلۆکێشی فەرەنسی کەلەنۆڤێمبەری ساڵی 1840 لەپاریس لەدایک بووە و لەتەمەنی 77 ساڵی ولە1917 داکۆچی دوای کردووە،بەدووای خۆیدا کۆمەڵێک هێمای کلتوری، جێهێشتوە، کەناکرێت مرۆڤایەتی لەرۆڵ و بایەخی ئەم کارانە کەمبکاتەوە یاخود لەبیر خۆی بەرێتەوە و باس لەو وەرچەرخانە نەکات کە ئەورپا پێدا تێپەڕیوە لەشاکارە هەرەجوانەکانی ئاوگست ڕۆداین کەلێ یەوە ڕۆداینی پێ دەناسرێتەوەو هزرمەندی خۆرئاوی تێدا بەرجەستەکراوە

پەیکەری (the think) بیرمرند ، (the kiss) ماچ( the hand of god)  دەستی خودا(eva  adam&) ئادەم وئێڤا ... لەناوهەموو ئەم کارە قەشەنگانەشدا پەیکەری (بیرمەند) کەلەبرۆنز لەنێوانی ساڵانی (1881/ 1882 ) تاشراوە ولەساڵی 1917وەلەستایشی ڕۆڵی ڕۆدین لەساتەوەختی ماڵئاوای کردن لەرۆدین لەبەردەم ماڵەکەیدا کەلەساڵی1919بەدواوەکراوە بەمۆزەخانەی ڕۆدین لەدروازەکەیدا دانراوە، (موفەکیر) بەیەکێک لەکارە هەرە نایاب و پرماناکانی رۆدین وچەرخی زێرینی هونەری پەیکەرتاشی لەجیهاندا دەژمێرێت. پەیکەری (بیرمەند) راستگۆیانە و، بەوپەڕی شانازییەوە پێمان دەبێژێت بیرمرند لەئەوروپا لە وچەرخ و زەمەنەدا لەچ فۆرمێکدا بووە ؟! لەبەرامبەریدا کەدێنە سەرباسی (پەیکەرێک بۆخوێنەر) کەبڕیارە پەیکەرێکی ئاسنی بێت وباڵاکەی دووهەندونیوی  باڵی مرۆڤێکی ئاسایی بێت و لەبەردەم کۆلیژی ئەندازیاری شاری هەولێر دابنرێت خودی پرۆسەکە،بێ ماناترین وبێزێزیەکی گەورە لەئاست چەمکی خوێنەردادەکات (پەیکەرێک بۆخوێنەر )لەمساتەوەختەدا نەک هەرپێمان ناڵێت (خوێنەر)کێیە بگرە لەبەهای خوێنەرو خوێندنەوەش کەم دەکاتەوە.

. فەرمان دان بەتاشینی پەیکەرێک لەفۆرمی (خوێنەرێک لەکاتی خوێندنەوەدا)وهەڵخستنی لەبەردەم دەروازەی شارو بەتایبەت لەبەردەم کۆلیژی ئەندازیاری زانکۆی سەلاحەدین بەدیوێک ئەوپەڕی خەمخۆری دەسەڵات بۆمانای خوێندن وخوێندەواری نیشاندەدات...کاتێک کە دەسەڵات لەناوئەوهەمووجەنگەڵی کارگێڕی وبەڕیوەبردنەی وڵاتخوێنەری بەبیربێت و فەرایشت دەداتە پەیکەرتاشێک پەیکەرێک بەناوی پەیکەری خوێنەر بۆپاتەختی هەرێم ولەئاسن  بتاشێت ولەپاش تەواوبوونی کارەکەش بەئامادەبوونی ژمارەیەک لەبەرپرسە حکومی وحیزبی وئەشرافەکانی شار لەڕێو ڕەسمێکی شایستە( بۆناوی پیرۆزی خوێنەر) پەردەی لەسەرلادەبرێت لەوەش زیاتر( پەیکەرێک بۆ خوێنەر) بڕیارە ئاماژەیک بێت بۆ ئەوفۆرمە پێشکەوتوەی کەخوێندەواری ئەمرۆی کوردستان پێی گەیشتووە ... بەڵام ئایا بەڕاست پەیکەری خوێنەر ستایش و پیاهەڵدانە بەخوێنەر ؟ یان ئەکرێت بەدیوەکەی تردا لەم هەنگاوە پڕ لەگومانەی دەسەڵات بڕوانین.

. وەرن بابەڕووکەی تردا ئەم فەرمان پێدانە بۆ دروستکردنی پەیکەری خوێنەر بخوێنینەوە من بەنیازم  کۆمەڵێک

پرسیاروسەرنجی تر بخەمەسەر بەدگومانیەکانم و بەڕووەکەی تریدا ئەم پەیکەرە کە بڕیارەلەفۆڕمی خوێنەردابێت بخوێنینەوە باشەدەکرێت بڵێن ئەم پەیکەرە هێمایکە بۆ ئەوپەڕی خەمساردی وئارەزوو کوشتنی خوێندن و خوێنەواری ..!؟ من دەپرسم کاتێک کەدەسەڵاتیک پەیکەرێکی تر بۆ ئەو هەموو پەیکەرەبێ مانایانە زیاد دەکات ... ئایا ئامانج لێێ تەنها بۆنەخشاندنی ڕووی قەشەنگی دەروازەکانی شارە یاخودبۆزڕاندنی چەمکەکانیشیەتی.جاران لەزەمانی بەعسدا فولکەو دەروازەو پارک وشوێنە گشتی یەکان پڕ بوون لەوێنەو پەیکەری باڵا بەرزی سەرۆک، بەدیوێکیدا ئەوی کەبەلایاندا تێدەپەڕی خۆشەویستی خەڵک وهونەرمەندان بۆسەرۆک نیشان ئەدا بەدیوەکەی تریشی وبەتایبەت بۆنەیارانی ترس وتۆقاندن و(جەبەرووت وهەیمەنەت)ی سەرۆکت دەهاتەوە بەرچاو. ئەمڕۆش خەریکە لەکوردستان پەیکەرو وێنەکان تەنها بۆدەرخستنی ڕووە ناشرینەکانی کۆمەڵگا دێنە کردن .

- ئەکرێت ئەم پرسیارانە بکەین ..! ئەم پەیکەرەی کەبڕیارە لەبەردەم کۆلێژی ئەندازیاری بە(شامخی) وبەبەرزی چوار مەتر خۆیمان پێ نیشان بدات کەبەلایدا تێدەپەڕین هەستە نەدرکینراوەکان بەکام ئاراستە دەتجوڵێنن ؟! ئەو پەیکەرە دەیەوێت چیمان پی بڵێت دەیەوێت بەچ فۆرمێک شەرحی حاڵی خوێنەرو خوێنەواریمان بۆبکات ؟! ئەو پەیکەرە کەبڕیارە دروستبکرێت ودابنرێت لەفۆرمی ( نێرە) دایە یاخود(مێ)ی نەئەگەر بەتەنها نێرە بێت دەبیت بپرسین ئێمەبەتەنها خوێنەری نێرەمان هەیە ومیینە لەوهاوکێشەیەداڕۆڵی نادیارە یان دەکرێت پەیکەری خوێنەر تێکەڵێک بیت لەهەردووڕەگەز!؟.. کەتەماشای پەیکەری (بیرمەند)ی ڕۆدین دەکەیت ئەزانیت لەوچەرخەدا بیرمەند تەنهالەفۆڕمی نێرەدا بووە،ڕاستیەکەشی بیرمەندو وفەیلەسوفی مێی نە لەخۆرئاوا بەسەدەیەک لەپاش تاشینی ئەوپەیکەرە هاتۆتە مەیدان ...

- مەبەستمان لەهەبوونی ئەم پەیکەرە بۆنەمرکردنی خوێنەرە یان ڕۆڵی خوێنەرە لەکۆمەلگادا ؟ ئەو پەیامە چی یە کەئەم پەیکەرە و هەزارەهای تری وەک ئەم پەیکەرە پێیەتی بۆمان ،ئەوسومبولە کلتوری یانەکامانەن کەئەم پەیکەرە لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتووە.،!؟ ئەمانەوێت چی بەنەسڵی داهاتو بڵێن ئەم شارە خوێنەری نەبوو بۆیەکا ویستمان بەم پەیکەرەهانی خوێندەواری بدەین ؟! من دەپرسم خوێنەر بەدروستکردنی پەیکەرێک بۆی کامیان نەمردەکەیت چەمکی خوێندن یان مرۆڤی خوێنەوار!؟ (پەیکەرێک بۆخوێنەر) کام لەم تێزانە هەڵدەگرێت .... ئەم هەنگاوە پیرۆزەی دەسەڵات لەکاتێکدایە کە ئەو شارەی کەخەریکە خوێنەر تیاداشکۆداردەکرێت ڕۆژنامەیەکی نی یە تیراژوژمارەی خوێنەرەکەی باگاتە دە لەسەدی ژمارەی هاوڵاتییەکانی ،پەیکەرێک بۆخوێنەر لەکاتێکدایە کەخوێنەر لەخوێندن و نوسەرو کتێب زویر بووە(تۆراوە) وپێ ناچێت بەم نزیکانە خەڵک ئارەزووی خوێندنەوەی بۆ بگەڕیتەوە. پەیکەرێک بۆخوێنەر لەکاتێکدایە ژمارەی کتێبی لەچاپدراوی بەرهەمێک،نوسەرێک شاکارێک لەهەزاردانە تێپەڕ ناکات ولەباشترین حالەتیدا لەدە هەزار خوێنەری زیاترنی یە.

- بەبڕوای من شتیک کەلەنچینەدا نەبێت ناتوانیت نەمری بکەیت ئاخرکاتێک (ڕۆدین ) بەبیریداهاتوە پەیکەرێک بۆبیرمەندی بتاشێت ئەیزانی شتێک هەبووە لەخۆرائاوا بەناوی بیرمەند،دڵنیابوو کە بیرمەندی ئەوروپی بەزیندووی لەهزری مرۆڤایەتیدا جیگەی خۆی دەکاتەوە، بۆیەدەبێت پەیکەرێکیش هەبێت ئەوبیرمەندیەتییە بەرجەستەبکات نەمری بکات ئەو ڕەمزە بەزیندویەتی بیهێڵێتەوە .... ئایا ئێمە دڵنیاین لەوەی کەخوێنەرمان هەیە تاپەیکەری بۆبتاشین ،کەتۆکتێبت هەبوو خوێنەرت نەبوو،!؟ چۆن ئەتوانیت پەیکەربۆچەمکەکەی بتاشیت. لەکۆتایدا جیگەی خۆیەتی بپرسین ئەم پەیکەرە لەناوەڕۆکدا ستایش و پیاهەڵدانە بەخوێنەر یان بەدەسەڵات.

.........................لڤین ژمارە 57 درەچوی 2007.10.15

سەرچاوی هەواڵ

- لەسەرداوای پارێزگاری هەولێر هونەرمەندی پەیکەرتاش (بەختیارهەڵەبجەیی) پەیکەرێک بەناوی (پەیکەری خوێنەر) خوێنەرێک لەفۆرمی خوێندنەوەدایە وکارەکەلەئاسن دروست دەکات پاش تەواوبوونی لەدەروازەی هەولێرکەرکوک ولەبەردەم کۆلێژی ئەندازیاری دادەنرێت.

ڕۆژنامەی ئاسۆ دواڵاپەڕە ژمارە 410 دەرچووی 18 ی ئەپریلی 2007